گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.29 Issue Con.1 2025
ID No. 3010 (PP 245-258)
https://doi.org/10.21271/zjhs. 29.Con.1.17

توێژینەوە

# پێوانەی ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی لای قوتابیانی زانکۆی سۆران

**هیوا عبدالعزیز جمیل/** بەشی ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

**داریوش معین قادر/** بەشی دەروونزانی، فاکەلتی ئاداب، زانکۆی سۆران

## پوختە

زاراوەی ئالوودەبوون بە خۆشەویستی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکان، کە پێناسە دەکرێ بە" ئارەزووی نەگونجاو و زیادەڕۆ بەرامبەر بە یەکێک یان چەند هاوبەشی ڕۆمانسی کە دەبێتە هۆی نەتوانینی کۆنترۆڵ کردنی ڕەفتار و دەستبەردار بوون لە خولیا و ئارەزوو تایبەتەکانی تاک". ئامانجەکانی توێژینەوە بریتین لە زانینی ئاستی ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی لە لای قوتابیانی زانکۆی سۆران، هەروەها زانینی جیاوازی شلەژانەکە بە پێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز، تەمەن و ئاستی ئابووری. مێتۆدی وەسفی-چەندێتی بۆ شیکردنەوەی داتاکان بە کار هاتووە. نموونەی توێژینەوە پێک دێت لە (٢٤٤) قوتابی، کە (١٢٠) ی ڕەگەزی نێر و(١٢٤) ی ڕەگەزی مێیە، وتەمەنیان لە نێوان ١٨-٢٥ ساڵە. ئەنجامەکان ئاماژە بە بوونی ئاستێکی نزم لە ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی دەکەن لە لای نموونەی توێژینەوە هەروەها بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی بە پێی گۆڕاوەکان، بە شێوەیەک کە ڕەگەزی مێ ئاستی بەرزتری لە ئاڵوودەبوون بە خۆشەویستی بەدەست هێناوە، هەروەها تەمەنی گەورەتر و باری ئابووری باشتر ئاڵوودەبوون تێیاندا بەرزتر بوو. لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان کۆمەڵێک پێشنیار و ڕاسپاردە پێشکەش کرا.

CORRESPONDENCE
هیوا عبدالعزیز جمیل
hewa.jameel@su.edu.krd

وەرگرتن 2024/10/25
بڵاوکردنەوە 2025/02/15

وشە سەرەکییەکان:
خۆشەویستی
ئاڵوودە بوون
ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

زاراوەی ئالوودەبوون بە خۆشەویستی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکان، بەڵام لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکان لەسەر ئەم بابەتە هێشتا سنووردارن (Costa etal., 2021,p.651). خستنەڕووی هەندێک شێوازی ڕەفتار لە ژێر چەتری ئالوودەبوونی ڕەفتاردا لە چەند ساڵی ڕابردوو سەرنجی بەرچاوی توێژەرانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە، هەندێک ڕەفتاری وەک قومار کردن Gambling، شڵەژانی ئالوودەبوون بە یارییەکان Gaming Disorder یان ئالوودە بوون بە سێکس Sex Addiction بە فەرمی وەک ئالوودەبوونە ڕەفتارییەکان لە هەریەک لە DSM-5 وICD-11 بۆ بەشی تێکچوونی پەیوەندیدار بە مادە و ئالوودەبوون دا جێگیر کراون (APA,2021,p.543)، هەروەها هەندێ لێکۆڵینەوەی نوێ وەک لێکۆڵینەوەکانی ( Schaeffer,2008; Norwood,2009; Wolfe,2000;Raffagnino &Zerbetto,2019,p.32)، ئاماژە بەوە دەکەن کە گۆڕانکاری بەشێک لە ڕەفتارەکانی تری تاک دەتوانێ وەک ئالوودە بوونی ڕەفتاری پۆلێن بکرێن لە نێو ئەم ڕەفتارانەش کە پێشنیار کراون و زیاتر سەرنجی توێژەرانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە ئالوودە بوون بە خۆشەویستییە Love Addiction ( Sanches &John,2018,p.1; Loime,2011, p.5)،یا خود ناو دەنرێ بە "خۆشەویستی شێوە نەخۆشیانە" کە پێناسە دەکرێ بە "ئارەزووی نەگونجاو و بەربڵاو و زیادەڕۆ بەرامبەر بە یەکێک یان چەند هاوبەشی ڕۆمانسی کە دەبێتە هۆی نەتوانینی کۆنترۆڵ کردنی ڕەفتار و دەستبەردار بوون لە خولیا ئارەزوو تایبەتەکانی تاک" (Vendrame et al., 2012, p. 191). توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژەی بەربڵاوی ئالوودە بوون بە خۆشەویستی لە نێوان دانیشتوانی گشتی ئەمەریکا ٣٪ یە بەڵام ئەو توێژینەوانەی کە لە سەر خوێندکارانی زانکۆ ئەنجام دراون ئاماژە بە ڕێژەیەکی زیاتر دەکەن کە دەگاتە ٢٥٪ ( Sophia et al.,2007; Lorena et al.,2008 )).

لەگەڵ ئەوەی کە لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە باس لەوە دەکەن کە خۆشەویستی ڕۆمانسیش دەتوانێت پەل بکێشێ بۆ ئاستی ئالوودەبوون، بەڵام تا ئێستا سروشتی پەیوەندی نێوان خۆشەویستی و ئالوودەبوون لە سەرتاسەری جیهان بە چەمکی جۆراوجۆر وەسف کراوە، بە درێژایی سەدەکان خۆشەویستی وەک سۆزێکی ئازاربەخش وەرگیڕدراوە لەگەڵ ئەوەی کە خۆشەویستی دەتوانێ وروژێنەر بێ، بەڵام دەتوانێت مەترسیداریش بێت، خۆشەویستان دەتوانن متمانە پێکراوی یەکتر بن، یان بە پێچەوانەوە بێ وەفا بن و لە خراپترین حاڵەت دا دەتوانن ببنە کوشندە، ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ساڵی ٢٠١١ زیاتر لە ١٠٪ ی کوشتنەکان لە ئەمەریکا لە لایەن خۆشەویستی قوربانیەکەوە ئەنجام دراون (Erap et al., 2017,p.77-92).

هەروەها ئەنجامی بەشێکی زۆر توێژینەوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە بە هەمان شێوە ئەوەی لە ئالوودە بوون بە ماددە دا بە بەدی دەکرێت(اقاخانی وصرغامی،٢٠٢٠،ل٢٠٥)، وەک هەستکردن بە ڕەزامەندی و پاداشت بە هەمان شیوە لە ئالوودە بوون بە خۆشەویستیش بە دی دەکرێت (Fisher et al.,2016, p.687)،ئالوودە بوون بە خۆشەویستی یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی تێکچوونی پەیوەندییە سۆزدارییەکان و هاوسەرگیری نەگونجاو دادەنرێ، ئەنجامی توێژینەوەی "نەریمان و ئەوانی تر" دەری دەخات کە ئالوودەبوون بە خۆشەویستی هۆکارێکە بۆ ناپاکی لە نێوان هاوسەران و بە واتایەکی تر ئەو هاوسەرانەی کە ناپاکی دەکەن و لە دەرەوەی پەیوەندی هاوسەرگیری پەیوەندی تر دروست دەکەن ئاستی ئالوودە بوون بە خۆشەویستی تێیاندا بەرزتر بە بەراورد لەگەڵ ئەو هاوسەرانەی کە ناپاکی ناکەن (Nariman et al.,2020,p.643). هەروەها هەندێ توێژینەوەیەی تر دەریدەخەن کە ئەو ئافرەتانەی ئالوودە بوون بە خۆشەویستی تێاندا لە ئاستێکی بەرزە مەترسی تووش بوون بە نیشانەکانی خەمۆکی و هەوڵدان بۆ خۆکوشتن تێیاندا زیاترە(Corley & Hook, 2012,p53; Orsolini et al.,2022, p.1)،هەروەها ئەنجامەکانی توێژینەوەی Vendrame et al.,2012 ئاماژە بەوە دەکات کە تووشبووانی ئالوودە بوون بە خۆشەویستی ٥٦٪ خەمۆکی و ١٦٪ دڵەڕاوکێ و ١٢٪ فۆبیای کۆمەڵایەتییان هەیە (Vendrame et al.,2012, p.192).

لە قۆناغە سەرەتاییەکانی هەر پەیوەندییەکی سۆزداری هەستکردن بە دڵخۆشی و پاداشت و ڕەزامەندی دروست دەبێ بەڵام لای ئالوودەبووان بە خۆشەویستی لەگەڵ پێشکەوتنی پەیوەندییەکە؛ وابەستەیی ڕاستەقینە بەرامبەر بە هاوبەش ژیان دەبێتە شتێکی بنەڕەتی بۆ پاراستنی هاوسەنگی دەروونی کەسەکە، هەستکردن بەوەی کە لەوانەیە خۆشەویستەکەی لە دەست بدات دڵەڕاوکێیەکی زۆر و نیشانەکانی خەمۆکی و بێهیوایی لای تاک دروست دەکات و ئەم نەخۆشانە بە شیوازێکی توند پێ داگری دەکەن بۆ گەڕاندنەوەی پەیوەندییەکە یان هەوڵ دەدەن بە خێرایی سەرنجیان بگۆڕن بۆ هاوبەشێکی تری ڕۆمانسی نوێ و سەرچاوەی تری خۆشەویستی بۆ خۆیان بدۆزنەوە (Sanches &John,2019,p.38-44).

خۆشەویستی ڕۆمانسی "تەندروست" کەوا گریمانە دەکرێ زۆر زیاتر باو بێت سودبەخشە، "پیل و برودسکی"١٩٧٥ ئاماژە بە جۆری خۆشەویستی ڕاستەقینە دەکەن کە پێچەوانەی پەیوەست بوونی خۆویستانە و ئالوودەبوون بە خۆشەویستیە، کە پابەندبوون و گەشەکردن و فێربوونی کۆمەڵایەتی و بەدیهێنانی یەکتر لە نێوان هاوبەشەکان دەگرێتەوە (Erap et al., 2017,p.77-92).

وە هەروەها کوریتس ١٩٨٣ پێشنیاری کردووە کە توخمەکانی پەیوەندی خۆشەویستی پێگەیشتوو بریتین لە ١-پێویستی،٢-بەخشین،٣-عاتیفە و سۆز،٤- هاوڕێیەتی، واتا خۆشەویستی پێگەیشتوو یارمەتی دروست کردنی ژینگەیەک دەدات کە ڕێگە بە گەشە کردنی یەکتر بدات لە نێوان خۆشەویستان و هەریەک لە هاوبەشەکان هەست بە پاڵنەری ئەرێنی دەکەن بۆ بە دەستهێنانی خوێندنی زیاتر، بەدەستهێنانی پارەی زیاتر یان گەیشتن بە ناسینی خود بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی تەندروستتر و هەستکردن بە ڕێز گرتنی خود (Acevedo& Aron,2009,p.59-65).

لە بەرامبەردا خۆشەویستی ناپێگەیشتوو ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی نەگونجاوی هەیە کە توخمەکانی بریتین لە: ١-دەسەڵات و هێز، ٢-پارێزگاری و کۆنترۆڵ کردنی یەکتر، ٣ بەزەیی پێهاتنەوە،٤- لادان، هەوەها جۆرێک لە وەسواسی و هۆگر بوونی زیادەڕۆ و بێ متمانەیی و دڵەڕاوکێی لەگەڵە کە دەبێتە هۆی بێزار کردنی لایەنی بەرامبەر، توێژەران پێیان وایە ئاڵوودەبوون بە خۆشەویستی لە بەشێکی زۆری تایبەتمەندییەکانی هاوشێوەی ئاڵوودە بوون بە مادە هۆشبەرەکانە ( Fisher,2006,p.3-28, Wolf,2000,p.235-246).

وە لە نیشانە سەرکییەکانی ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی بریتین لە پێویستی بە زیاد بوونی بەرچاوی ڕێژەی ڕەفتارە سۆزدارییەکە بۆ بەدەستهێنانی هەمان کاریگەری سۆزداری خوازراو وە لەگەڵیشی زیادبوونی کات بەسەربردن بۆ گەڕان بە دوای خۆشەویستدا ئەگەر هاتوو پەیوەندییەکە پچڕا. هەستکردن بە تەنیایی و بێ وەفایی ونائومێدی کاتێک لە هیچ پەیوەندییەک دا نییە، دڵتەنگی و خەفەت و بەسەربردنی کاتێکی زۆر بۆ چاکبوونەوە لە کاریگەرییەکانی تەنیایی بۆ نموونە(بەسەر بردنی چەندین کاتژمێر لە ژوورەکانی گفتوگۆ لە ئەنتەرنێت و گەڕان بە دوای پەیوەندی نوێ)، جگە لەوەش چالاکیە گرنگە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی ڕەفتارەکە وازیان لێ دەهێنرێ یان کەم دەکرێنەوە، ئەم ڕەفتارانە سەرەڕای زانین و ئاگادار بوون لە کێشەکانی لە لای تاک بەردەوام دەبن کە لەوانەیە ببنە هۆکاری کۆمەڵێک کێشەی تری وەک تێکچوونی خەو یان خەمۆکی (Susman,2010, p.31-45).

لە بەر گرنگی ئەم بابەتە و بە پێی ئەو زانیاریانەی دەست توێژەران کەوتوون تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەک لە سەر ئەم بابەتە ئەنجام نەدراوە وە هەستیاری بابەتەکە بە تایبەت لە لایەن گەنجان گرنگی بابەتەکە دەردەخات وە ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت ڕۆڵێکی ئەرێنی باشی هەبێت لە دەولەمەند کردنی کتێبخانەی کوردی، وە زانیاریەکانی توێژینەوە دەبنە بنەماو سەرچاوەیەک بۆ توێژەرانی تری لە کوردستان تا بتوانن لە لیکۆلینەوەکانیان سودی لێ وەربگرن، وە هەروەها تیشک خستنە سەر جۆرێک لە جۆرەکانی ئاڵوودە بوون کە کەمتر لە لایەن تاکەکان هەستی پێ کراوە و هۆشیار کردنەوەیان لە سەر سروشتی پەیوەندییەکانیان لە داهاتوو، بۆیە ئەم توێژینەویە هەوڵ دەدات بۆ بە دیهێنانی ئەم ئامانجانە:

- پێوانە کردنی ئاستی ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی لە لای نموونەی توێژینەوە.
- پێوانە کردنی ئاستی ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی لە لای نموونەی توێژینەوە بە پێ ی گۆڕاوی ڕەگەز.
- پێوانە کردنی ئاستی ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی لە لای نموونەی توێژینەوە بە پێ ی گۆڕاوی تەمەن.
- پێوانە کردنی ئاستی ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی لە لای نموونەی توێژینەوە بە پێ ی گۆڕاوی باری ئابووری.

## **١-چوارچێوەی تیۆری:**

### **١-١-چەمکی ئاڵوودەبوون بە خۆشەویستی:**

چەمکی ئاڵوودەبوون Addiction چەمکێکی لاتینییە Ad-diere کە بۆ یەکەم جار لە شارستانییەتی ڕۆمانی بەکار هاتووە و بە مانای (بەندە) یان "خزمەتکار" هاتووە. دواتر ئەم چەمکە پەرەی سەندووە جگە لە خزمەتکردنی تاک لە ڕووی جەستەیی، لە ڕووی دەروونیش بۆ ئەو کەسانە بەکار هاتووە کە ئاڵوودەی مادەیەکن وەک بەندە و خزمەتکاری ئەو مادەیەن کە بە کاری دەهێنن. لە کاتی لێکۆڵینەوە لە دیاریدەی ئاڵوودە بوون لە لایەن WHO چەند چەمکێکی تریش وەک هاوواتای ئاڵوودە بوون بە کار هاتن وەک Habituation خوو گرتن، یان Dependence وابەستە بوون. وە چەمکی ئاڵوودە بوون پێناسە کرا بەوەی بریتییە لە "بە کار هێنانی مادەیەک لە لایەن تاکەوە کە ناتوانێ دەستبەرداری بێت و لە کاتی بەکار نەهێنانی کۆمەڵێک نیشانەی جەستەیی و دەروونی لە لا بە دیار دەکەوێت". دواتر ئەم چەمکە پەرەی سەند و لێکۆڵینەوەکان جەختییان لەوە کردەوە کە ئاڵوودە بوون تەنها لایەنی جەستەیی ناگرێتەوە بەڵکوو تاکەکان لە ڕووی ڕەفتاریشەوە ئەگەری ئاڵوودەبوونیان هەیە کە یەکێک لەم ڕەفتارانە ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستییە (العباجی،٢٠١٠،لا١٥).

کارە پێشەنگەکان لەسەر ئالوودەبوون بە خۆشەویستی بۆ یەکەمجار لە کتێبی خۆشەویستی و ئالوودەبوون لە نووسینی پیل و برۆدسکی (١٩٧٥)دا هاتووە .کتێبەکە ئالوودەبوون بە خۆشەویستی وەک حاڵەتێک وەسف کردووە کە کاتێک ڕوودەدات کە تاکەکان لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە زۆرترین پەیوەندییان لەگەڵدا هەیە وابەستە دەبن. پیل و برۆدسکی جەختیان لەوە کردەوە کە پرۆسەی ئالوودەبوون بۆ پەیوەندییە خۆشەویستییەکان هەمان ئەو پرۆسەیە کە مرۆڤ وابەستەی ماددە هۆشبەرەکان دەبێت (Peele & Brodsky,1975).

پێناسەی تیۆری: توێژەران پشت بەم پێناسەیە دەبەستن کە لە توێژینەوەکە بەکار هاتووە. کە پێناسەی ئالوودە بوون بە خۆشەویستی دەکات بەوەی بریتییە لە: "ئارەزووی نەگونجاو و بەربڵاو و زیادەڕۆ بەرامبەر بە یەکێک یان چەند هاوبەشی ڕۆمانسی کە دەبێتە هۆی نەتوانینی کۆنترۆڵ کردنی ڕەفتار و دەستبەردار بوون لە خولیا ئارەزوو تایبەتەکانی تاک" (Vendrame et al., 2012, p. 191).

پێناسەی کرداری: بریتییە لە کۆی ئەو نمرەیەی کە نموونەی توێژینەوە بە دەستی دەهێنن لە سەر پێوەری بەکار هاتوو لە توێژینەوەکە.

## ٢-تیۆرەکانی ڕاڤە کردنی خۆشەویستی:

### ٢-١- تیۆری سێگۆشەی خۆشەویستی ستێرنبێرگSternberg:

خۆشەویستی چەمکێکی ئەبستراکتە و بێ گومان پێناسەکردنی بە بەکارهێنانی وشە یەکێکە لە قورسترین ئەرکەکان، ئەمە لە کاتێکدایە کە هیچ تیۆرێکی باو و بە گشتی پەسەندکراو لە بارەی سروشتی خۆشەویستیەوە نییە. هەمیشە ناڕوونی و سەرلێشێواوی لە بواری خۆشەویستیدا هەبووە، یەکێک لە گرنگترین تیۆرییەکانی خۆشەویستی کە لە ساڵی ١٩٨٧ لایەن ڕۆبەرت ج .ستێرنبێرگ پێشنیار کرا کە تیایدا خۆشەویستی لە شێوەی سێگۆشەدا خەیاڵ دەکات و دەڵێت خۆشەویستی لە سێ بەش پێکدێت: ئینتیما، سۆز (شەهوەت) و بڕیار/ پابەندبوون ( Anderson, 2016; Askarpour & Mohammadipour, 2016, p.2037).

یەکەم لایەن کە بریتییە لە ئینتیما، بریتییە لە هەستکردن بە سۆز و دەربڕینی حەز و خەمخۆری و بەرپرسیارێتی و هاوسۆزی و دڵتەنگی بەرامبەر بەو کەسەی مرۆڤ خۆشی دەوێت، ئینتیما هەستێکی گەرمی و سۆز و نزیکی لە پەیوەندییەکانی لایەنی بەرامبەر لە مرۆڤدا دروست دەکات (Sorokowski et al., 2020, p.3 .)دووەم لایەن سۆزە؛ کە ئەو پاڵنەرانە دەگرێتەوە کە دەبنە هۆی ڕۆمانسیەت، سەرنجڕاکێشانی جەستەیی هەروەها چالاکیە دەروونییە ئەرێنییەکان بەرامبەر بە خۆشەویست لە خۆدەگرێت (Sternberg,1986,p.119-121).پێکهاتەی سێیەمی خۆشەویستی بریتییە لە بڕیار/پابەندبوون؛ ئەم پێکهاتە ئەو بڕیارە ئاگا و نائاگایانە لەخۆدەگرێت کە مرۆڤ بۆ خۆشویستنی کەسێکی دیکە دەیدا و خۆی بە هێشتنەوەی پەیوەندییەکە پابەند دەکات، ئەم حاڵەتە لایەنێکی مەعریفی هەیە و بڕیارێکی کورتخایەن و درێژخایەن بۆ خۆشویستن و گرنگیدان بە خۆشەویست لەخۆدەگرێت، ئەم پێکهاتە بریتییە لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی تەنها لەگەڵ یەک کەسدا بیت و هاوبەشێکی تر بۆ خۆی هەڵنەبژێریت و ئەم پەیوەندییە لە هەموو کەسێک بە گرنگتر بزانیت(Diessner et al., 2004, p.684).

بە بڕوای ستێرنبێرگ بڕو جۆری ئەو خۆشەویستییەی مرۆڤ ئەزموونی دەکات، بەندە بە بەهێزی ڕەهای ئەم پێکهاتەیە. ئەم سێ پێکهاتەکە لەگەڵ یەکتر کارلێک دەکەن بەجۆرێک حەوت جۆری جیاوازی ئەزموونی خۆشەویستی پێکدەهێنن( Hedayati, 2020, p.3).

١-سۆزکردن: سۆز بە تەنیا (خۆشەویستی سۆزدار، وەسوەسەیی لە یەکەم بینیندا بەبێ ئینتیما و پابەندبوون) لەم حاڵەتەدا کەسەکە بە شێوەیەکی وەسوەسەیی کەسێکی ئایدیاڵ لە هزری خۆی دروست دەکات . لەم جۆرە خۆشەویستییەدا پلەیەکی بەرزی وروژاندنی فیزیۆلۆژی و دەروونی هەیە ئەم جۆرە خۆشەویستییە بە وابەستەبوون و ئالوودەبوونی توند بە خۆشەویستەکەوە کۆتایی دێت(Madey & Rodgers ,2009, p.76).

٢- خۆشەویستی ڕۆمانسی: ئینتیما و سۆز (خۆشەویستان لە ڕووی جەستەیی و سۆزدارییەوە بۆ یەکتر ڕادەکێشن بەڵام بەبێ پابەندبوون).

٣-حەزکردن: ئینتیما بە تەنیا (هاوڕێیەتی ڕاستەقینە بەبێ سۆز و پابەندبوونی درێژخایەن).

٤-خۆشەویستی هاوڕییانە: ئینتیما و پابەندبوون (هاوڕێیەتی پابەندبوونی درێژخایەن وەک هاوسەرگیرییەک کە خولیای تێدا کاڵ بووەتەوە).

٥-خۆشەویستی بەتاڵ: بڕیار/پابەندبوون بە تەنیا (بڕیاردان بۆ خۆشویستنی کەسێکی تر بەبێ ئینتیما یان سۆز).

٦-عەشقی ناڕوون: سۆز و پابەندبوون (پابەندبوون لەسەر بنەمای سۆز بەڵام بەبێ کات بۆ پەرەپێدانی ئینتیما).

٧-خۆشەویستی تەواو: ئینتیما و سۆز و بڕیار/پابەندبوون (خۆشەویستییەکی تەواو کە لە هەر سێ پێکهاتەکە پێکهاتووە) کە بەدەستهێنانی قورسە (Diessner et al.,2004, p. 684).

**٢-٢ -تیۆری وابەستە بوونی خۆشەویستی جۆن بۆولبی John Bowlby:**

جۆن بۆولبی زیاتر بە کارە پێشەنگەکانی لە بواری (تیۆری وابەستەبوون) ناسراوە کە کاریگەرییەکی سەرەکی هەبووە لە بوارەکانی دەروونناسی گەشەکردن و شیکاری دەروونیدا، تیۆری بۆولبی بۆ یەکەمجار لە ساڵانی ١٩٥٠-١٩٦٠ دا ناسێندرا، کاتێک خەریکی لێکۆڵینەوە بوو لە پەیوەندی نێوان منداڵان و چاودێرە سەرەتاییەکانیان لەو کاتەدا باوەڕێکی باو ئەوە بوو کە منداڵان بە پلەی یەکەم بە هۆی پێویستی خۆراک و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ترەوە پاڵنەریان بۆ دروست بووە بەڵام بۆوڵبی ئاماژەی بەوەدا کە سەرەتاییترین پێویستی منداڵان وابەستەبوونێکی دڵنیایە بە چاودێرەکەیەوە، وە ئەم وابەستە بوونە هەستێکی ئاسایش بە منداڵەکە دەبەخشێت و بناغەیەک بۆ ڕەفتاری وابەستەیی لە داهاتوو دادەنێت واتا کاریگەری دوور مەودای لە سەر گەشە کردنی سۆزداری و کۆمەڵایەتی و مەعریفییان هەیە (Giugliano,2003,p.277)، بۆوڵبی پێی وابوو کە وابەستەیی منداڵان بە چاودێرەکانیانەوە قالبێک بۆ پەیوەندییە سۆزدارییەکان لە دواتر دابین دەکات و بە پێی تیۆری ئەو، ئەو منداڵانەی کە پەیوەندی پارێزراویان لەگەڵ چاودێرەکانیان هەبووە دەچنە سەر پەیوەندییەکی پارێزراو لەگەڵ هاوبەشە سۆزدارەکانیان لە داهاتوو، لە کاتێکدا ئەوانەی وابەستەییەکی نا ئەمنیان هەبووە، ئەگەری تووشبوونیان بە کێشەی پەیوەندییەکان زیاتر دەبێت، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە شێوازی وابەستەیی گەورەکان بە هۆی ئەزموونە سەرەتاییەکانی وابەستەبوونیان لە سەردەمی منداڵی لە قاڵب دەدرێت، هەروەها بۆوڵبی پێی وابوو خۆشەویستی ڕۆمانسی ڕەفتارێکی وابەستەیی پەرەسەندووە کە خزمەت بە مانەوە و نزیککردنەوەی تاکەکان لە یەکتری دەکات، ئەم بیرۆکەیە لە لێکۆڵینەوەکانی تیۆری وابەستەیی هاوچەرخدا زیاتر پەرەی پێدراوە، تیۆری وابەستەیی بۆوڵبی لە لایەن کۆمەڵێکی گەورەی لێکۆڵینەوە پشتگیری کراوە، فراوانتر کراوە بۆ ئەوەی جۆرە جیاوازەکانی شێوازی وابەستە بوون لە خۆ بگرێت (Bowlby,1982,p.664 ;Young et al., 2012,p.22-38; Raffagnino &Zerbetto, 2019,p.33).

**٢-٣- تیۆری پێداویستییەکانی ماسلۆ Abraham Maslow:**

پێویستی خۆشەویستی، پێویستییەکە کە مرۆڤ هان دەدات بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکی کاریگەر و سۆزداری لەگەڵ کەسێکی دیکە لە کۆمەڵگادا. لە لێکۆڵینەوەکانی ماسلۆدا لە پلەبەندی پێداویستییەکان، خۆشەویستی قۆناغی سێیەمی پەرەسەندنی دەروونی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا پێکدەهێنێت (Syed & Shah,2020,p.459). کاتێک مرۆڤ پێداویستییە فیزیۆلۆژی و سەرەتاییەکانی دابین کرا، هەوڵدەدات بۆ دابینکردنی پێداویستییە ئاست بەرزەکان کە زیاتر لە سەرووی هەرەمی پلەبەندی پێداویستییەکانەوەن (Over,2017,p.537; Noltemeyer et al., 2012, p.1862).ماسلۆ جیاوازی دەکات لە نێوان دوو جۆر خۆشەویستیدا:

**٢-٣-١- نەبوونی خۆشەویستی/** جۆرە خۆشەویستییەکە کە تاک خۆپەرست و کۆنترۆڵگەرە و تێیدا بەدوای پێداویستییە دابین نەکراوەکانی خۆی دەگەڕێت، واتە ئەوانی دیکەی خۆشدەوێت بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی خۆی، ماسلۆ ئەم کەموکورییە بە نەبوونی خۆشەویستی و یان "کەمی خۆشەویستی" ناودەبات، لەم جۆرە خۆشەویستییە مرۆڤ خۆی بە کەسێکی ترەوە هەڵدەواسێت و بە بێ ئەو ناتوانێت هیچ بکات لە ڕاستیدا هەروەک ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکانە. نەبوونی خۆشەویستی وەک کەلێنێک وایە کە تاک تێیدا دەژیت پێویستی بە پڕکردنەوە هەیە .

**٢-٣-٢- خۆشەویستی وجودی/** ئەم جۆرە خۆشەویستیەکی پێگەیشتوو و سەربەخۆیە و تاک پشت بەخۆی دەبەستێت و ئازادی پێویست دەدات بە هاوبەشەکەی، ئارەزووی بەخشندەیی و ئامادەیی لێخۆشبوون و دڵخۆشکردنی بەرامبەر لەم جۆرە خۆشەویستییەدا دەبینرێت. بێگوومان خۆشەویستی وجودی لە جۆری یەکەم بەنرختر و بەرزتر و زۆر شایستەترە. بۆ ئەم جۆرە خۆشەویستییە، ئازادیی تەواو پێویستە و مانای ئازادیش ئەوەیە کە مرۆڤ تایبەتمەندی ناوەوەی خۆی و کەسی بەرامبەری بە تەواوی قبوڵ کردووە، و هەوڵی ناسینی بەرامبەر دەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئینتیمای نێوان دوو کەس. تایبەتمەندی خۆشەویستی وجودگەرایی پاراستنی تاکایەتییە لە پەیوەندییەکەدا، لەم قۆناغەدا تاک خۆشەویستی بە دیاردەیەک دەزانێت کە بڕیارە تەنها ئامانجێکی دیاریکراو تێر بکات، خۆشەویستی بوونێکی هۆشیارانەیە وخاوەندارێتی ئەوی تر نییە و نابێتە هۆی ئازار و بەبێ هیچ مەبەستێکی دیاریکراو تەنها چێژبەخش و شادییە(هاشملو، ٢٠٢١).

**٢-٤- تیۆری هێدمە(تراوما):** ئەزموونە ناخۆشەکانی سەردەمی منداڵی و بوونی هێدمە هۆکارێکن بۆ چوون بەرەو ڕەفتاری ئاڵوودەبوون. جاکوبز ١٩٨٧ باس لەوە دەکات کە بۆ ئەوەی تاکەکان شێوازێکی ڕەفتاری ئاڵوودەبوویان هەبێت پێویستیان بە کۆمەڵێ پێش مەرجی دەروونی هەیە کە ئەمانە لە سەردەمی منداڵی تاکەکە دیاری دەکرێن وەک هەستکردن بە بێ توانایی و خۆ بە کەم زانین

و نەبوونی باوەڕ بەخۆبوون و هەست کردن بەوەی لەلایەن باوانەوە پشتگوێ خراوا. جاکوبز جەخت دەکاتەوە کە ئەمانە دەبنە هۆی دروست بوونی حاڵەتێکی جیاوازی ناسنامەی تاک(خود)، و لە توێژینەوەیەک کە لە سەر هەرزەکارانی کە شڵەژانی زۆر خواردنیان هەیە بۆی دەرکەوت کە ڕەفتارە ئاڵوودەبووەکان جگە لەوەی دەبنە هۆی کەمر بوونەوەی دڵەڕاوکێ هەروەها حاڵەتێک لای تاک دروست دەکەن کە دەرفەتی ئەوەی پێدەدات لە خودی ئازارکێشاوەکە جیا ببێتەوە بە ئەندازەیەک قوڵ بێتەوە لە خەیالاتی خۆی کە بتوانێت ڕۆڵی ئە خودە میسالیە بگێرێت کە دەیەوێت پێی بگات (Giugliano,2003,p.278) و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەی Gori et al.,2024 پشتڕاستی ئەمر تیۆرە دەکاتەوە (Gori et al., 2024, p.3)

## ٣-جێبەجێکردنی توێژینەوە:

### ٣-١-مێتۆدی توێژینەوە:

لەمر توێژینەوەیە دا بۆ دەست خستنی داتا و زانیارییەکان توێژەران پشتیان بە مێتۆدی وەسفی پەیوەندی چەندایەتی بەستووە، چونکە ئەمر مێتۆدە ڕێگە دەدات بە دەستکەوتنی زانیارییەکان بە شیوەی ژمارەیی، کە لە ڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسیەوە دەست دەخرێن. شایەنی باسە ئەمر مێتۆدە گونجاوە بۆ شیکردنەوەی ئەو داتاو زانیاریانەی بە شێوەی ژمارەیی دەست دەخرێن.

### ٣-٢-کۆمەڵگەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی ئەمر توێژینەوەیە بریتیە لە قوتابیانی زانکۆی سۆران بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣) کە ژمارەیان (٥١١١) قوتابییە (٢١٩٠) قوتابی لە ڕەگەزی نێر وە (٢٩٢١) قوتابی لە ڕەگەزی مێ کە بە سەر (٥) فاکەڵتی دابەش دەبن.

### ٣-٤-نموونەی توێژینەوە:

نموونەی توێژینەوە بریتی بوو لە (٢٤٤) قوتابی کە بە ڕێگەی چینبەندی هەڕەمەکی (**طبقي عشوائي**) لە هەر چوار قۆناغ هەڵبژێردران.

### ٣-٥-پێوەری ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی:

بۆ زانینی ئاستی ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی لای نموونەی توێژینەوە، توێژەران پشتیان بە پێوەرێکی ئامادەکراو بەستووە ( Love Addiction Self-Assessment (LASA)) ئامادە کراوە لە لایەن ((Patrick Carens &Pia Mellody (2001) کە لە بنەرەتدا لە (٢٥) برگە پێک هاتووە، بەڵامر پاش دەرهێنانی ڕاستگۆیی و گونجاندنی پێوەرەکە لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردی و نموونەی توێژینەوە (٢) برگە لا برادران. شێوازی وەڵامدانەوەی بە بەڵێ و نەخێرە. شێوازی دەستنیشانکردنی کەسی ئاڵوودە بوو بەو شێوەیە کە هەر تاکێک وەڵامی بۆ(٠-٣) برگە بەڵێ بوو ئەوا بە دڵنیاییەوە ئاڵوودەی خۆشەویستی نییە، ئەگەر وەڵامر دانەوە بۆ (٤-٦) برگە بەڵێ بوو ئەوا کەسەکە لە پەیوەندییە خۆشەویستیەکانی کێشەی هەیە، وە ئەگەر تاکەکە وەڵامی بۆ (٧) برگە یان زیاتر بەڵێ بوو ئەوا کەسەکە کێشەی ئاڵوودە بوونی هەیە و پێویستە لە لایەن کەسێکی پسپۆڕ چارەسەری وەربگرێت.

### ٣-٥-١-وردی وەرگێڕانی پێوەری ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی:

توێژەران بۆ دەرهێنانی وردی وەرگێڕان بۆ پێوەری ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی چەند هەنگاوێکیان گرتە بەر، لە بەر ئەوەی پێوەرەکە بە زمانی ئینگلیزی بوو، وەرگێڕانی بۆ ئەنجام درا بۆ زمانی کوردی. سەرەتا پێوەرەکە خرایە بەر دەستی کەسێکی پسپۆڕ لە زمانی ئینگلیزی، ئەویش بە مەبەستی وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی، لە هەنگاوی دووەمر دا پێوەرە وەرگێڕدراوەکە جارێکی تر خرایە بەر دەستی کەسێکی پسپۆڕ لە زمانی کوردی و ئینگلیزی بە مەبەستی وەرگێڕانی لە زمانی کوردی بۆ ئینگلیزی و لە هەنگاوی سییەمدا توێژەران پێوەری ئینگلیزی ڕەسەن و ئینگلیزی وەرگێراویان خستە بەر دەستی کەسێکی پسپۆڕ لە دەروونزانیدا بۆ بەراورد کردنی ڤێرژنی ڕەسەن و وەرگێردراو.

### ٣-٥-٢-جێگیری توێژینەوە بە ڕێگای یەکگرتووی ناوەکی:

جێگیری بە ڕێگای یەکگرتووی ناوەکی یەکێکە لە جۆرەکانی جێگیری و زۆربەی توێژەران گرنگییەکی زۆر بەمر جێگیرییە دەدەن. ئەمر جێگیرییە باس لەوە دەکات کە ئەگەر بێت و بەشێک لە پێوەر یا خود پرسیارنامە پێوانەی گۆڕاوێک بکات، ئەوا دەبێ بەشەکەی تری هەمان پێوەر پێوانەی هەمان گۆڕاو بکات (Osburn, 2000, p. 343, Streiner, 2003, p. 103). بۆیە بۆ ئەمر جۆرەی جێگیری ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ (Cronbach's Alpha) بە کار هێنرا و ڕێژەکەی گەیشتە (0.82) کە ئەمەش بە بەهایەکی بەرز لە جێگیری توێژینەوە دادەنرێت و بەڵگەداری ئاماریە.

## ٤-کۆ کردنەوەی داتاکانی توێژینەوە:

بە مەبەستی جێبەجێ کردنی کۆتایی توێژینەوەکە (٢٤٤) بەشداربوو لە بەرواری (٢٠٢٣/٥) هەڵبژێردران کە بریتی بوون لە قوتابییانی زانکۆی سۆران بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣) ئەم نموونەیە بە شێوازی هەڕەمەکی هەڵبژێردرا. بەشداربووان لە سەرەتا فۆڕمی ڕەزامەندی بەشداری کردنیان لە توێژینەوەکە پڕ کردۆتەوە. بۆ کۆ کردنەوەی داتاکانی توێژینەوە بە شێوەیەکی گشتی بەشداری کردن خۆویستانە بوو، بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە هەر کاتێک بیانویستایە دەیانتوانی فۆڕمەکە پڕ نەکەنەوە.

**٥-ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوە:**

پاش تەواو بوونی پرۆسەی کۆ کردنەوەی داتاکان بە شێوەی ئۆنڵاین پاڵپشت بە سروشت و مەبەستەکانی ئەم توێژینەوەیە بۆ دەستکەوتنی ئەنجامی توێژینەوەکە چەند ئامرازێکی ئاماری پێویست بە کار هێنران کە دەرکرێ بەم شێوەیە پوخت بکرێنەوە:

- One Sample Test بە کار هێنرا بۆ زانینی ئاستی ئاڵودە بوون.
- Independent Samples Test بە کار هێنرا بۆ زانینی جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ.
- One-way ANOVA بە کار هێنرا بۆ زانینی جیاوازی نێوان تەمەن و باری ئابووری.

**٦-ئەنجامەکان و گفتوگۆ کردنیان:**

**٦-١-ئامانجی یەکەمی توێژینەوە بریتی بوو لە زانینی ئاستی ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی لە لای نموونەی توێژینەوە:** بە پێی ئەنجامەکان ($N$=244) بەشداربوو($M$=32.8 ; $SD$=9.2). ئەنجامەکان دەریدەخەن کە قوتابیان ئاستی ئاڵودەبوون بە خۆشەویستیان لە ئاستێکی نزمدایە چونکە ناوەندی ژمێریاری بچووکترە لە ناوەندی گریمانەیی.

خشتەی ١ ناوەندی ژمیری و لادانی پێوەری ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی

| نموونەی توێژینەوە | ناوەندی ژمێریاری | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | بەهای(ت) دەستکەوت | Sig(2 tailed | نمرەی ئازاد(df) | ئاستی گوزارشت 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 244 | 32.8 | 34.5 | 9.2 | 2.776 | .006 | 243 | بەڵگەداری ئاماری هەیە |

**٦-٢-ئامانجی دووەمی توێژینەوە بریتی بوو لە زانینی ئاستی ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی لە لای نموونەی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز:**

لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت کە ڕەگەزی نێر کە ژمارەیان(*120*) کەسە بە ( $M$=24.3 ; $SD$=1.5) ، و ڕەگەزی مێ کە ژمارەیان (*124*) کەسە بە ( $M$=41.1 ; $SD$=5.2)، $t(33.439)$=, $p$=0.00. جیاوازی هەیە لە نێوانیان لە ئاستی ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی لە بەر ئەوەی بەهای ($0.05>p$) لە ئاستی گوزارشت (*0.05*) کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە.

خشتەی ٢ جیاوازی ئاستی ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی لە لای نموونەی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز

| گۆڕاو | ڕەگەز | قەبارە(N) | ناوەندی ژمێریی(M) | لادانی پێوەری (SD) | تاقیکردنەوەی T.Test | نمرەی ئازاد (df) | P.Sig(2-tailed) | ئاستی گوزارشت 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی | نێر | 120 | 24.3 | 1.5 | 33.439 | 242 | 0.000 | بەڵگەداری ئاماری هەیە |
| | مێ | 124 | 41.1 | 5.2 | | | | |

### ٦-٣-ئامانجی سێیەمی توێژینەوە بریتی بوو لە زانینی ئاستی ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی لە لای نموونەی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوی تەمەن:

لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت کە تەمەنی نێوان(18-20) کە ژمارەیان (70) کەسە بە ( $M$=23.1 ; $SD$=0.39)، وە تەمەنی (21-23) کە ژمارەیان (118) کەسە بە ($M$=32.4;$SD$=6.52) ، وە تەمەنی (23-25) کە ژمارەیان (56) کەسە بە ($M$=45.8;$SD$=0.38) جیاوازی هەیە لە نێوانیان لە ئاستی ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی لە بەر ئەوەی بەهای ($0.05>p$) لە ئاستی گوزارشت ($0.05$) کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە.

خشتەی ژمارە٣ جیاوازی نموونەی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوی تەمەن لە ئاستی ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی

| تەمەن | نموونە | ناوەندی ژمیرەیی | لادانی پیوەری |
|---|---|---|---|
| 18-20 | 70 | 23.1 | 0.39 |
| 21-23 | 118 | 32.4 | 6.52 |
| 23-25 | 56 | 45.8 | 0.38 |
| کۆی گشتی | 244 | 32.8 | 9.29 |

| ANOVA | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | Sum of Squares | نمرەی ئازادی(df ) | Mean Squares | بەهای F | Sig | ئاستی گوزارشت0.05 |
| نێوان گرووپەکان | 15981.776 | 2 | 7990.888 | 384.5 | 0.000 | بەڵگەداری ئاماری هەیە |
| ناو گرووپەکان | 5007.614 | 241 | 20.778 | | | |
| کۆی گشتی | 20989.389 | 243 | | | | |

### ٦-٤-ئامانجی چوارەمی توێژینەوە بریتی بوو لە زانینی ئاستی ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی لە لای نموونەی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوی ئاستی ئابووری:

لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت کە ئەو کەسانەی کە باری ئابووریان (خراپە) کە ژمارەیان (16) کەسە بە ( $M$=23.06 ; $SD$=0.25)، وە ئەو کەسانەی کە باری ئابووریان (مامناوەند)ە کە ژمارەیان (178) کەسە بە ($M$=30.05;$SD$=7.3) ، وە ئەو کەسانەی کە باری ئابووریان (باش)ە کە ژمارەیان (50) کەسە ($M$=45.9;$SD$=0.27) جیاوازی هەیە لە نێوانیان لە ئاستی ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی لە بەر ئەوەی بەهای ($0.05>p$) لە ئاستی گوزارشت ($0.05$) کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە.

خشتەی ژمارە٤ جیاوازی نموونەی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوی باری ئابووری لە ئاستی ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی

| باری ئابووری | نموونە | ناوەندی ژمیرەیی | لادانی پیوەری |
|---|---|---|---|
| خراپ | 16 | 23.06 | 0.25 |
| مامناوەند | 178 | 30.05 | 7.3 |
| باش | 50 | 45.9 | 0.27 |
| کۆی گشتی | 244 | 32.84 | 9.29 |

| ANOVA | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | Sum of Squares | نمرەی ئازاد (df) | Mean Squares | بەهای F | Sig | ئاستی گوزارشت0.05 |
| نێوان گروپەکان | 11463.334 | 2 | 5731.667 | 145.006 | 0.000 | بەلگەداری ئاماری هەیە |
| ناو گروپەکان | 9526.56 | 241 | 39.527 | | | |
| کۆی گشتی | 20989.389 | 243 | | | | |

**٧-گفتوگۆ کردنی ئەنجامەکان:**

ئەنجامەکانی پەیوەست بە ئامانجی یەکەم کە بریتییە لە زانینی ئاستی ئاڵودەبوون خۆشەویستی لە لای نموونەی توێژینەوە پیشان دەدەن کە قوتابیان ئاستی ئاڵودە بوون بە خۆشەویستیان نزمە، چونکە ناوەندی ژمێریاری بچوکترە لە ناوەندی گریمانەیی. ئەم ئەنجامەش هاوتان لەگەل توێژینەوەی (Mucchetti,1999)، کە لە توێژینەوەی ناوبراو ئاستی ئاڵودەبوون بە خۆشەویستی نزمە هەروەها پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەی (Borrello et al.,2023 ).

توێژەران پێیان وایە ئەم ئەنجامانە دەگەڕێنەوە بۆ هۆشیاری قوتابیان و شێوازی پەروەردەی خێزانی بەهۆی ئەوەی لە کۆمەڵگای کوردی خێزانەکان هەر لە سەرەتاوە دایکان و باوکان منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن لە سەر بنەمای خۆشەویستی، هەروەک لە تیۆری بۆڵبی بە ڕوونی ئاماژەی پێ کراوە کە چون خۆشەویستی دایک و باوک دەتوانێ کاریگەر بێت لە شێوازی سۆزداری تاک لە داهاتوو(Gori et al., 2023,p.2). کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە داهاتوو جۆرێک لە شیوازی سۆزداری هەڵبژێرن کە نەگاتە ئاستێک کە زیان بەلایەنی ڕۆحی و دەرونیان بگەیەنێت، ئەمەش وادەکات تاکەکان زیاتر هۆشیاربن و بە شێوازێکی تەندروست مامەڵە لەگەل پەیوەندی خۆشەویستی بکەن.

هەرچی ئەنجامەکانی پەیوەست بە ئامانجی دووەمە کە بریتییە لە زانینی ئاستی ئاڵوودە بوون بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز ئەوە پیشان دەدەن کە ڕەگەزی مێ ئاستی ئاڵودەبوونیان بەرزترە لە ڕەگەزی نێر بەهۆی ئەوەی ناوەندی ژمێریاری ڕەگەزی مێ گەورەترە لە ڕەگەزی نێر و بەڵگەداری ئاماری هەیە.

ئەم ئەنجامانە هاوتایی توێژینەوەکانی ( Mucchetti, 1999;Susman,2010; Reyanaud et al.,2012; Gori et al., 2023; Gori et al., 2024)، هەروەها پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەکانی (Kamaliyeh, 2018; Mangialavori& Cacioppo,2020). بێگومان هۆکاری ئەم جیاوازیە لە ئەنجامەکان دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی کۆمەڵگای توێژینەوە، چونکە توێژینەوەکانی پیشوو زیاتر لە وولاتانی بیانی ئەنجامدراون، کە ئەمەش ڕوونە شێوازی مامەڵەکردن لە کۆمەڵگای کوردی و کۆمەڵگا بیانیەکان سەبارەت بە پەیوەندی خۆشەویستی جیاوازە، ئەمەش وایکردووە ئەنجامەکان لە یەکتری جیاوازبن.

توێژەران لەو باوەڕەدان بەرزی ئاستی ئاڵوودە بوون لە ڕەگەزی مێ بەراورد بە ڕەگەزی نێر دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ڕەگەزی مێ لە ڕووی سایکۆلۆژیی و کۆمەڵایەتییەوە چونکە ڕەگەزی مێ بەراورد بە ڕەگەزی نێر زیاتر پەیوەستە بە هەست و سۆزەوە کە پەیوەندی خۆشەویستی بەشێکە لە هەست و سۆز، هەروەها جیاوازییەکی گەورەی ڕەگەزی لە کارکردنی دەروونیدا هەیە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەگەزی نێر کاردانەوەیان جیاواز بێت لە ڕەگەزی مێ، ئافرەتان بە سروشتی خۆیان مەیلی زیاتریان هەیە بۆ بەردەوام بیرکردنەوە لەو دۆخە ئازاربەخشەی خۆشەویستی کە ئەزموونیان کردووە وەک ئەوەی ئەمە وایان لێ بکات ئەم دۆخە سەر لە نوێ بژینەوە بۆ ئەوەی بتوانن بە جۆرێک لە جۆرەکان کۆنترۆڵی بکەن، بە پێچەوانەوە پیاوان هەموو یادەوەریەکان و ئەوەی دەبێتە هۆی ئازار لە مێشکیان لا دەبەن و بە تەواوی خۆیان بۆ شتێکی تر تەرخان دەکەن، و لە ڕاستیدا لە زۆربەی حاڵەتەکان کاتێک پەیوەندییەک کۆتایی دێت پیاوان زیارتر پەنا بۆ هۆکارە دەرەکییەکانی وەک کحول (Magilu et al.,2023,p.2). هەروەها یەکێ تر لە فاکتەرەکان پەیوەستە بە کلتور و داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی و شێوازی پەروەردە کە ئافرەتان کەمتر دەرفەتی دەرچوونیان هەیە بە بەراورد لەگەڵ پیاوان بۆیە لەوانەیە قۆناغی زانکۆ وەک دەرفەتێک بێت کە تێیدا هەوڵ بدات زۆرترین ناسینی هەبێت بە

ئامانجی هەڵبژاردنی هاوسەری داهاتووی، کە ئەمەش وای لێ بکات بکەوێتە داوی خۆشەویستی ناتەندروستەوە. هەروەها لە یەکێک لەو توێژینەوانەی کە لە وڵاتی ئێران لە سەر کۆمەڵێک ئافرەتی ئاڵوودە بوو بە خۆشەویستی ئەنجام دراوە بۆ زانینی فاکتەرەکانی ئاڵوودەبوونیان دەرکەوتووە کە هۆکارەکانی وەک هەستکردن بە ڕەتکردنەوە، هەستکردن بە تەنیایی، و نەبوونی ئامانج، و بوونی کۆمەڵێک باوەڕی نادروست و فەنتازیا لە بارەی هاوسەرگیری، و کاملگەرایی، و وەسواسی هزری توند، و نەبوونی باوەڕ بە خۆبوون، و خۆ بەکەم زانیین، و دڵەوڕاوکێ و نیگەرانی، و هەستکردن بە بۆشایی سۆزداری هۆکاری سەرەکی ئاڵوودەبون بووە لە لای نموونەی توێژینەوە(بخشیان و باقری، ٢٠١٥، ل١٠٧٤). هەروەها دەتوانین بڵێین کە یەکێک لە هۆکارەکان کە زەمینە خۆشکەرە بۆ ئەم هەستانە لای تاک لەوانەیە ئەزموونە سەرەتاییەکانی منداڵی بێت کە لە کلتوری کوردی زیاتر لە پەروەردە کردنی ڕەگەزی مێ بەدی دەکرێت کە بەردەوام هانی دەدرێ بۆ ئەوەی خۆشەویستی و سەرنجی کەسانی دەوروبەر بە دەست بهێنێت و هەڵە نەکات و ئەمەش بەرەو کەمالگەرایی دەبات و ڕێ خۆشکەر دەبێت بۆ هەبوونی هەستکردنی بەردەوام بە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی و وەسواسی هزری بەوەی نەوەک هەڵەیەک بکات و لە لایەن باوان و نزیکانی سەزەنشت بکرێت و ڕەت بکرێتەوە، کە ئەمە ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەر کەسایەتی و پەیوەندییە سۆزدارییەکانی داهاتوو.

هەرچی ئەنجامەکانی ئامانجی سێیەمە کە بریتی بوو لە زانینی ئاستی ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی بە پێی تەمەن ئەوە پیشان دەدەن کە تەمەنی(٢٥-٢٣ساڵی) ئاستی ئاڵوودەبوون بە خۆشەویستیان بەرزترە لە گروپەکانیتر ئەمەش بەهۆی ئەوەی ناوەندی ژمێریاری گەورەترە لە تەمەنەکانیتر هەروەها دەرکەوت کە بەڵگەداری ئاماری هەیە.

بەڵام ئەنجامەکانی توێژینەوەی (Mashuri & Patriasih, 2023, p.10) ئاماژە بەوە دەکات کە هەرزەکارانی تەمەن (١٦-٢٠) زیاتر ڕەفتاری ئاڵوودە بوون خۆشەویستیان هەیە کە ئەمەش پێچەوانەی ئەنجامەکانی توێژینەوی ئێمەیە هەروەها ئەنجامەکانی ئێمە پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەی (Gori et al.,2023)،توێژەران پێیان وایە هۆکاری ئەم جیاوازیە لە ئەنجامەکان دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی تەمەن چونکە لەم توێژینەوەی تێکڕای تەمەن بریتیە لە (٣٧) ساڵ بەڵام لە توێژینەوەی ئیمە بەرزترین تەمەن بریتیە کە (٢٥) ساڵ. هۆکاری بەرزی ئاستی ئاڵوودەبوون لەم تەمەنە لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ تێکەڵەیەک لە هۆکارەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی وەک گەشەکردن و زیادبوونی ئەزمونی پەیوەندیەکان، فشاری کۆمەڵایەتی کە لە لایەن کۆمەڵگە و دەوروبەر هەیە لە سەر تاک بۆ هاوسەرگیریکردن، وە جیاوازی ئەم قۆناغە لە تەمەن بەراورد بە قۆناغی هەرزەکاری کە تاک هێشتا بە بەربەستەکانی گەشەکردن و خوێندن و دۆزینەوەی ناسنامە دادەڕۆن، و هەروەها لە ڕووی کۆمەڵایەتی و مادییەوە هێشتا پشت بە خانەوادەکەی دەبەستێ و ناتوانێ ئەو سەربەخۆییە بە دەست بێنێت و بە تایبەت لە کۆمەڵگەی کوردی کە هەرزەکار زیاتر چاودێری دەکرێن لە لایەن باوانییەوە بۆیە پێشبینی دەکرێ کە ئاستی ئاڵوودە بوونی کەمتر بێت.

هەرچی پەیوەستە بە ئەنجامەکانی ئامانجی چوارەم کە بریتییە لە زانینی ئاستی ئاڵوودو بوون بە خۆشەویستی بە پێی باری ئابوریەوە ئەنجامەکان پیشانی دەدەن کە ئەو کەسانەی کە باری ئابوریان باشە ئاستی ئاڵودەبوون بە خۆشەویستیان بەرزترە بەراورد بە ئەوانەی کە باری ئابوریان مامناوەند و خراپە، چونکە ناوەندی ژمێریاری گەورەترە لە گروپەکانی تر هەروەها دەرکەوت کە ئەنجامەکان بەڵگەداری ئاماری هەیە.

توێژەران پێیان وایە کە هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوانەی ئاستی باری ئابووریان باشە زیاتر گرنگی بە خۆشگوزەرانی دەدەن و بەرپرسیارەتیان کەمترە لە باری ئابوری خراپ چونکە ئەو کەسانەی باری ئابوریان خراپە کاری لە پێشینەیان بریتیە لە دابینکردنی بژێوی ژیانیان، هەروک لە تیۆرەکەی ماسلۆ بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەدات کە تاک تا پێداویستییە سەرەتاییەکانی تێر نەکرێت بە دوای پێداویستی تر ناڕوات(Over,2017,p.537). بۆیەش دەبینین کەمتر دەپرژێنە سەر دروستکردنی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، ئەمەش سەرباری ئەوەی لە کۆمەڵگای کوردی هەژارەکان کەمتر باوەریان بەوە هەیە پەیوەندی خۆشەویستی دروستکەن بە هۆی ئەو تێگەشتنەی کە لە نێو کۆمەڵگا باوە کە خۆشەویستی و هاوسەرگیری پێویستی بە سەروەت و سامان هەیە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت بۆیە هەژارەکان کەمتر پەیوەندی خۆشەویستی دروست دەکەن.

**پێشنیار:**

١-ئەنجام دانی توێژینەوەی هاوشیوە لە لای قوتابیان لە زانکۆکانی تری کوردستان.

٢-ئەنجام دانی توێژینەوەی تر لە لای گروپەکانی تری تەمەن و ئەوانەی هاوسەرگیریان کردووە.

٣-ئەنجام دانی توێژینەوەی تر کە بەرنامەی چارەسەری لە خۆ بگرێ.

٤-ئەنجام دانی توێژینەوەی تر وەک پەیوەندی ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی و شێوازەكانی مامەڵەی باوان، یان جۆرەكانی كەسایەتی.

**ڕاسپاردە:**

١-ئەنجام دانی خوولی هۆشیاركردنەوەی دەروونی و كۆمەڵایەتی بۆ هەردوو ڕەگەز لە قۆناغەكانی هەرزەكاری.

٢-هاندانی پسپۆڕان لە بواری دروستی دەروونی و ڕێنمایی لە سەر داناى پرۆگرامی پاراستن و چارەسەری بۆ گەنجان لە پێناو پاراستن و هاوكاری كردنیان لە ئەگەری تووش بوون بە ئاڵوودە بوون بە خۆشەویستی.

٣-هۆشیار كردنەوەی باوان لە سەر شێوازی پەروەردەی تەندروست بۆ ڕۆڵەكانیان و كاریگەریە ئەرێنی و نەرێنیەكانی پەروەردە لە سەر داهاتوو و كەسایەتی منالٚ.

٤-هەوڵدان بۆ باسكردنی ئەم بابەتە لە ڕێگەی دەزگاكانی ڕاگەیاندن و باسكردنی مەترسیەكانی لە سەر تاک و لایەنی دەروونی و كۆمەڵایەتی و لێكەوتە نەرێنییەكانی.

**سەرچاوەكان:**


- Acevedo,B. P., and Aron, A. (2009) 'Does a long-term relationship kill romantic love?' , *Review of General Psychology*, *13*, pp.59–65. DOI: 10.1037/a0014226
- American Psychiatric Association. (2021) '*Diagnostic and Statistical Manual of Mental Disorders (DSM-5-TR)'*, Fifth Edition Text Revision. American Psychiatric Association, Washington, DC.
- Anderson.J. (2016) 'Sternberg's Triangular Theory of Love'. In book: The Wiley Blackwell Encyclopedia of Family Studies
- Askarpour,A. and Mohammadipour, M.(2016) 'Psychometric properties of Sternberg love scale', *Journal of Fundamental and Applied Sciences*, 8(4S),pp. 2036-2047
- Borrello, L. Antonelli, P. Salvatori, G. and Dèttore. D. (2023) 'the Relationship between Love Addiction and Sex Addiction and the Influence of Social Support: An Exploratory Empirical Research', *Sexual Health & Compulsivity*, 30(2), pp. 176-196.
- Bowlby J. R.(1982) 'Attachment and loss: Retrospect and prospect', *Am J Orthopsychiatry*. 52(4), pp.664-678. doi:10.1111/j.1939-0025.1982.tb01456.x
- Corley,M., and Hook, J.(2012) 'Women, Female Sex and Love Addicts, and Use of the Internet', *Journal of sexual addiction and compulsivity 19*(1-2),pp.53-76 http://dx.doi.org/10.1080/10720162.2012.660430
- Costa,S., Barberis,N., Griffiths, M.D., Benedeto, L.,and Ingrassia,M.(2021) 'The Love Addiction Inventory: Preliminary Findings of the Development Process and Psychometric Characteristics', *International Journal of Mental Health and Addiction*, *19*, pp.651–668 https://doi.org/10.1007/s11469-019-00097-y
- Diessner,R., Frost,N., and Smith, T.(2004) 'Describing the neoclassical psyche embedded in Sternberg's Triangular Theory of Love', *Social Behavior and Personality An International Journal*,*32*(7), pp. 683-690.
- Erap,B., Wudarczyk,O., Foddy,B., and Savulescu,J. (2017) 'Addicted to Love: What Is Love Addiction and When Should It Be Treated?' , *Philosophy, Psychiatry & Psychology*, (24),pp. 77 -92 https://www.researchgate.net/publication/236335220_Addicted_to_Love_What_Is_Love_Addiction_and_When_Should_It_Be_Treated
- Fisher, H. (2006) 'Broken hearts: The nature and risks of romantic rejections', In A. C. Crouter & A. Booth (Eds.): *Romance and sex in adolescence and emerging adulthood: risks and opportunities*. Mahwah, N.J.: Lawrence Erlbaum Associates, pp.3–28.
- Fisher, H. E., Xiaomeng Xu, Arthur A., and Lucy L., B. (2016) 'Intense, Passionate, Romantic Love: A Natural Addiction? How the Fields That Investigate Romance and Substance Abuse Can Inform Each Other', *Frontiers in psychology*, (7),pp. 687.
- Giugliano,J.(2003) 'A psychoanalytic overview of excessive sexual behavior and addiction' , Sexual Addiction & Compulsivity, 10(15), pp.275–290, 2003,Copyright Taylor & Francis, Inc. https://www.researchgate.net/publication/228800665_A_Psychoanalytic_Overview_of_Excessive_Sexual_Behavior_and_Addiction
- Gori, A., Topino, E., Russo, S., and Griffiths, M.,D. (2024) 'A pilot study on childhood trauma and love addiction; Exploring the mediation of unbalanced family functioning. *Trauma psychology, American psychological association*.

- Gori, A.; Russo, S.; Topino, E. (2023) 'Love Addiction, Adult Attachment Patterns and Self-Esteem: Testing for Mediation Using Path Analysis', J Pers. Med, (13), pp. 247. https://doi.org/10.3390/jpm13020247.
- Hedayati,M.(2020) 'Love as Caring Maturity: A Criticism of the Love Triangle Theory and Presenting a New Approach to Love in Couple's Relationships' , 10th international conference on Humanistic, Psychology and social sciences, Berlin, Germany.http://dx.doi.org/10.1080/26929953.2022.2056556
- Kamaliyeh. N.G.(2018) 'Antecedents of cyber love addiction and moderating effect of gender among Malaysian student in a university in Malaysia' , doctor degree, Senate of university Putra Malaysia.
- Loime,L., Guglielmo, R., Tedeschi,D., and Martin, D. (2011) 'Co-occurrence of Alcohol Dependence and love addiction: the role of temperamental and character dimensions' , *Istituto di Psichiatria e Psicologia, DH di Psichiatria Clinica e Farmacodipendenze - Policlinico "A. Gemelli", Università Cattolica del Sacro Cuore - Roma.*
- Lorena A., Sophia E,C., Mello C., Tavares H., and Zilberman M.L.(2008) 'Group therapy for pathological love' , *Rev Bras Psiquiatria.* (30), pp. 290-301. *https://doi.org/10.1590/S1516-44462008000300019*
- Madey, S.F., & Rodgers, L. (2009). The effect of attachment and Sternberg's Triangular Theory of Love on relationship satisfaction. *Individual Differences Research 7*(2):76-84.
- Maglia, M.G., Lanzafame, I., Quattropani, M.C. and Caponnetto, P., (2023) 'Love Addiction-Current Diagnostic and Therapeutic Paradigms in Clinical Psychology' *Health Psychology Research, 11.* https://doi.org/10.52965/001c.70218
- Mangialavori S., and Cacioppo M. (2020) 'Love addiction, Attachment styles, Parental styles, Parental Bonding during Childhood and adolescence and couple's quality which relationship?' ,*LIRPA-International Journal*, pp. 169-177. doi.medra.org: 10.48237/LIJ_031,
- Mashuri, M., F. and Patriasih, A., I.(2023) 'Bucin (Budak Cinta): The Other Side of Love Addiction in Romantic Relationships in Indonesia', *Journal An-Nafs: Kajian Penelitian Psikologi, 8* (1), pp.1-10. https://doi.org/10.33367/psi.v8i1.2539
- Mucchetti, E., A. (1999) 'the prevalence of love addiction among undergraduates at Texas am-kings ville, Submitted to the College of Graduate Studies Texas A&M-Kingsville in partial fulfillment of the requirements for the degree of master of arts, august 1999.
- Nariman, Z., Aghaei, A., and Farhadi,H.(2020) 'A comparison between love addiction and marital adjustment in married people with and without extramarital relationships', *Journal of Psychological Science*, 19(89),pp.639-646.
- Noltemeyer, A., Bush, K., Patton, J. and Bergen, D., (2012) 'the relationship among deficiency needs and growth needs: An empirical investigation of Maslow's theory', *Children and Youth Services Review*, *34*(9), pp.1862-1867.
- Norwood, R. (2008) 'Women Who Love Too Much: When You Keep Wishing and Hoping He'll Change', New York: SIMON &SCHUSTER.
- Orsolini,S., Antonelli,P., Salvatori,G., and Dettore,D. (2022) 'Suicidal Ideation in a Group of Italian Love Addicts: A Qualitative Research' , *Sexual Health and Compulsivity* 29(4),pp.1-12.
- Osburn, H. G. (2000) 'Coefficient alpha and related internal consistency Reliability Coefficients', *Psychological methods*, 5(3), pp.343.
- Oved, O. (2017) 'Rethinking the Place of Love Needs in Maslow's Hierarchy of Needs', (54), pp.537–538
  https://doi.org/10.1007/s12115-017-0186-x.
- Peele, S., and Brodsky, A. (1975) 'Love and addiction', Oxford: Taplinger
- Raffagnino, R.,and Zerbetto, R.(2019) 'Gestalt therapy for love addiction' *International journal of psychotherapy*,23(2),pp.32-47.
- Reynaud, M., Karila, L., Blecha, L. and Benyamina, A., (2010) 'Is love passion an addictive disorder?' *The American Journal of Drug and Alcohol Abuse, 36*(5), pp.261-267.
- Sanches,M., and John,V.P.(2018) 'Treatment of love addiction: Current status and perspectives' , *The European Journal of Psychiatry* 33(1). http://dx.doi.org/10.1016/j.ejpsy.2018.07.002
- Sanchesa,M., and John,V.P.(2019) 'Treatment of love addiction: Current status and perspectives' *European Journal of Psychiatry*,33(1),pp.38-44. https://www.elsevier.es/en-revista-european-journal-psychiatry-431-articulo-treatment-love-addiction-current-status-S0213616318300120

- Schaeffer, Brenda. (2009) 'Is It Love or Is It Addiction? Hazelden.
- Sophia, E. C., Tavares, H., and Zilberman, M. L.(2007) 'Amor patológico: um novo transtorno psiquiátrico?' [Pathological love: is it a new psychiatric disorder?]. *Revista brasileira de psiquiatria (Sao Paulo, Brazil: 1999)*, 29(1), pp. 55–62. https://doi.org/10.1590/s1516-44462007000100016
- Sorokowski et al. (2020) 'Universality of the Triangular Theory of Love: Adaptation and Psychometric Properties of the Triangular Love Scale in 25 Countries' *The Journal of Sex Research.* DOI:10.1080/00224499.2020.1787318
- Sternberg, R. J. (1986) 'A triangular theory of love. *Psychological Review,* 93(2), pp. 119–135. https://doi.org/10.1037/0033-295X.93.2.119
- Streiner, D. L.(2003) 'Starting at the beginning: an introduction to coefficient alpha and internal consistency' , *Journal of personality assessment*, *80*(1), pp. 99-103
- Sussman,S.(2010) 'Love addiction: Definition, etiology, treatment' , *Sexual Addiction & Compulsivity: The Journal of Treatment & Prevention, 17*(1),pp. 31–45. https://doi.org/10.1080/10720161003604095\
- Syed,M., and Shah,Z.,A. (2020) 'Love Hunger: Contrasting Dynamics Of Love and Belongingness Needs In The Kite Runner', *Palarch's Journal of Archaeology of Egypt/Egyptology* 17(1). *ISSN 1567-214x.*
- Vendrame, T., Costa, A.L., Sanches, C. C., Gulassa, D.C.R., Sophia, E. C., and Zilberman, M.L. (2011) 'Impulsiveness in patients with pathological love', *Jornal Brasileiro de Psiquiatria* , *61*(3),pp.191-192.
- Wolfe, J. L. (2000) 'Assessment and Treatment of Compulsive sex / love behavior' , *Journal of Rational-Emotive & Cognitive-Behavior Therapy*, (18), pp. 235-246 https://doi.org/10.1023/A:1007887122845
- Young,E., S. Simpson, J., A. Griskevicius, V. Huelsntiz, C., O. and Fleck, C. (2017) 'Childhood attachment and adult personality: A life history perspective', *Self and Identity Journal*,18(1), pp.22-38. https://doi.org/10.1080/15298868.2017.1353540

**سەرچاوەی فارسی:**

- بخشيان،سوده علی ، باقری، فريبرز(٢٠١٥). عوامل زمينه ساز اعتياد به عشق در زنان. ويژه نامه روانشناسی معاصر،١٠٧٤،١٠،١٠٧٦-.
- صرغامی، محمد حسين و اقاخانی، زهره(2020). اعتياد به عشق: مطالعه مبتنی بر رويكرد تحليل شبكه. فصلنامه اندازەگيری تربيتی، دانشگاه علامه طباطبائی، سال يازدهم، شماره ٤١، ص٢٠٣-٢٣٠.
- العباجي، عمر موفق(2010). الإدمان والإنترنت. عمان: دارمجدلاوي، ط1.
- هاشملو، جعفر (٢٠٢١). نظريه عشق ابراهام مازلو. http://jafarhashemlou.blogfa.com/post/2192?fbclid=IwAR2wX0sYFdr9TfII6Py2X5SvLoF0kIBaVc1RHIHnHLdEf9vPlZaVjFhL5Hw

**قياس ادمان الحب لدى طلبة جامعة سوران**

**هيوا عبدالعزيز جميل**
قسم الإرشاد النفسي والتربوي ،كلية التربية، جامعة صلاح الدين- اربيل،اقليم كوردستان،العراق
hewa.jameel@su.edu.krd

**داريوش معين قادر**
قسم علم النفس "كلية الآداب" جامعة سوران
dm0322@psy.soran.edu.iq

**ملخص**
مصطلح الإدمان على الحب ظهر في سبعينيات القرن الماضي، الذي يعرف بأنه" رغبة غير طبيعية ومبالغ بها تجاه شريك أو الشركاء ويؤدي الى عدم السيطرة على السلوك والتخلي عن الرغبات و أهدافه الخاصة". أهداف البحث هي معرفة مستوى الإدمان على الحب لدى طلبة جامعة سوران، وكذلك معرفة الفروق في الادمان على الحب على وفق متغيرات الجنس، العمر والمستوى الإقتصادي. وتم استخدام المنهج الوصفي- الكمي لتحليل البيانات، وتتكون عينة البحث من(244) طالب بحيث (120) طالب و (124) طالبة واعمارهم تتراوحت بين 18-25 سنة. وأشارت النتائج الى انخفاض مستوى لإدمان على الحب لدى عينة البحث وكذلك وجود فروق دالة احصائياً في الادمان على الحب بحسب المتغيرات بحيث كان مستوى الإدمان الحب مرتفع لدى الطالبات و لدى المتقدمين في العمر و ذوي المستوى الاقتصادي الجيد. وفي ضوء النتائج قدمت عدد من التوصيات والمقترحات.

**الكلمات المفتاحية:** الحب، ادمان، ادمان الحب.

**Love Addiction among Soran University Students**

**Hewa Abdulazeez Jameel**
Department of Psychology and Educational Sciences, College of education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan region, Iraq
hewa.jameel@su.edu.krd

**Daryoush Mueen Qader**
Department of Psychology, College of Arts, Soran University
dm0322@psy.soran.edu.iq

**Abstract**
Love addiction dates back to the 1970s, which refer to Inappropriate, widespread, and excessive desire for one or more romantic partners that leads to inability to control behavior and give up the individual's specific passions and desire. The current research aims to determine the level of love addiction among students at Soran University, and the difference between them by the demographic variable of (Gender, age, and economic status). Quantitative descriptive method was used to analyze the data. The sample comprised (244) students, (120) males, and (124) females, aged from (18 to 25). The results indicated a low level of love addiction among participants. In term of demographic variables significant differences were recorded. Females had higher levels of love addiction, and those who are in older ages and better economic status had higher levels of love addiction. Hence, based on the study findings a number of recommendations can be devoted for further research.

**Keywords:** love, addiction, love addiction